ئەوە جبریلە سەلامت لێدەکات

لە عائیشەوە -ڕەزای خوای لێبێت- دەڵێت: پێغەمبەری خودا -صلى الله عليه وسلم- پێمی فەرموو: «ئەوە جبریلە سەلامت لێدەکات»، (پاشان عائیشە وەڵامی سەلامەکەی دایەوە) دەڵێت: ووتم: «وعليه السلام ورحمة الله وبركاته».

[صەحیحە] [بوخاری و موسلیم هاوڕان لەسەری]

عائیشە -ڕەزای خوای لێبێت- باسی ئەوە دەکات کە پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- پێی فەرموو: (ئەوە جبریلە سەلامت لێدەکات): واتا سەلامت لێدەکات بە سەلامکردنی ئیسلام. ئەویش (عائیشە) وەڵامی سەلامەکەی دایەوە، ووتی: (وعليه السلام ورحمة الله وبركاته). سونەتە سەلامی کەسێک بۆ کەسێکی تر بگەیەنێت ولە لای باسی بکەیت وئەویش وەڵام بداتەوە وبڵێت: (وعليه السلام ورحمة الله وبركاته) بەهۆی ئەم فەرموودەیەوە، وئەگەر بڵێت: (عليك وعليه السلام أو عليه وعليك السلام ورحمة الله وبركاته)؛ ئەمیش باشە؛ چونکە ئەم کەسەی سەلامەکەی گەیاند چاکەکارە بۆیە شایستەی نزا بۆ کردنە. بەڵام ئایا گەیاندنی ئەم وەسیەتە بەوەی بڵێت سەلام بکە لە فڵان؛ واجبە یان نا؟ زانایان ئەمەیان ڕووکردووەتەوە: دەڵێن: ئەگەر پابەندی بکات بەوەی کە دەبێت سەلامەکە بگەیەنێت؛ ئەوا واجبە بیگەیەنێت چونکە خوای گەورە دەفەرموێت: {إِنَّ ٱللَّهَ يَأۡمُرُكُمۡ أَن تُؤَدُّواْ ٱلۡأَمَٰنَٰتِ إِلَىٰٓ أَهۡلِهَا} [النساء: 58] واتە: {بەڕاستی خودا فەرمانتان پێدەکات بە دانەوەی گشت سپاردەکان بۆ خاوەنەکانیان}، لێرەدا تۆ ئەم سەلامەت گرتە ئەستۆ و واجب بوو لەسەرت، بەڵام ئەگەر بڵێت: سەلام بکە لە فڵان وبێدەنگ بوو یان بڵێ ئەگەر بیرت کەوتەوە یان هاوشێوەی ئەمانە؛ لێرەدا واجب نییە مەگەر بیری بکەوێتەوە، وباشتر وایە مرۆڤ سەلام گەیاندن نەخاتە ئەستۆی کەس؛ چونکە لەوەیە قورس وناڕەحەت بێت بەلایەوە، وباشتر وایە بڵێت: سەلام بکە لە هەرکەسێک سەبارەت بە من پرسیاری کرد، ئەمەش شتێکی باشە، بەڵام بیخاتە ئەستۆی وزۆری لێبکات ئەمە کارێکی بەسوود نییە؛ لەوەیە شەرم بکات وبڵێت: باشە سەلامەکەت دەگەیەنم وپاشان لە بیری بچێتەوە یان پاش ماوەیەکی زۆر بیری بکەوێتەوە وببێتە هۆی گلەیی وڕەخنە لە نێوانیان.

https://sunnah.global/hadeeth/ku/show/4224